Twejer - Volume:1 - Issue:1 - 2018
Pages: 338-367
DOI: https://www.doi.org/10.31918/twejer.1811.8

ISSN(Print): 2617-0744
ISSN(Online):2617-0752

# دەستنیشانکردنی باشترین شوێن بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستی لەنێوان گوندەکانی ناحیەی سەرقەڵا– قەزای کفری– پارێزگای دیالە– بە مۆدێلی AHP

د. ئازاد هیدایەت دەلۆ
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
Azadzana63@gmail.com

**پوختە**

بە مەبەستی پەرەپێدانی بەردەوام و گەشەسەندنی شار و لادێ و ناوچە و هەرێمە جیاوازەکانی هەر وڵاتێکدا و بەپێی تایبەتمەندی ناوچەکە و جۆری دانیشتوان و پێکهاتە جیاوازەکانیان لە ڕوی نەتەوە و ئاین و ڕەگەز و تەمەن، هەمیشە پێویستمان بە پلانی تۆکمە و بە هێزە. دیارە پرۆسەی پلاندنان و کارپێکردنی وەکو هەر زانستێکی تر لە جیهاندا لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیا هەنگاوی بەرەو هەڵکشان ناوە، پلان بەپێی جۆر و کات و ماوەکەی هەمیشە هەنگاوە بۆ بەرەو باشترکردن و گوڕانی بارودۆخی بوون لە ئێستادا، چونکە ئەم پرۆسەیە هەمیشە بۆ داهاتووە. ئەمڕۆکە پلاندانانیش بێبەش نەبووە لە تەکنیک و بەرنامەی تۆکمە و بەهێزی کۆمپیوتەری و ئاماری و... هتد، دیارە زانستەکانی (GIS و RS) و مۆدێلە ئامارییەکان ڕۆڵی کاریگەریان تیادا بینیوە، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە کار بە مۆدێلی (AHP) بکەین و بەو هۆیەوە بگەین بە ئامانج و توانیمان باشترین هەڵبژاردە دەستنیشان بکەین کە مەبەستی سەرەکی توێژینەوەکەمانە.

**ووشە کلیلیەکان**: تەندروستی، سەرقەڵا، مۆدێلی(AHP)

# دەستنیشانکردنی باشترین شوێن بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستی لەنێوان گوندەکانی ناحیەی سەرقەڵا- قەزای کفری- پارێزگای دیالە- بە مۆدێلی AHP

## پێشەکی

زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوان و فراوان بوونی بەپەلەی شار و شارۆچکەکان و کۆمەڵگا و لادێنشینەکان لەم چەند دەیەی ڕابردوودا، گەلێک ئاسەواری خراپی بەدواداهاتووە، لەوانەش فراوان بوونی هەڕەمەکیی شار و لادێکان بەبێ پلانی تۆکمە و کارا، بە تایبەتی شوێنە هەژارنشین و کەم دەرامەتەکان، دابەزینی ئاستی خزمەتگوزارییەکان و دووریيان لە ناوچەی لادێنشین و کۆمەڵگا هەژارەکان، ئەمەش زیاتر بۆتە هۆی لاسەنگی و نابەرانبەرییێک، لەنێوان نشینگەی شار و لادێ و تەنانەت گەڕەکەکانی ناو شاریشدا (حسامیان، 1389: 128). بێگومان یەکێک لە ئاسەوارە خراپە هەرە گرنگەکانی پەرەسەندنی بەپەلەی شار و لادێنشینەکان تێکدانی سیستەمی دابەشبوونی سەنتەرە خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگایە (سالحی، 1392: 124). لەهەرێمی کوردستانیشدا بە تایبەتی پاش ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری 1991 گوندنشینەکان بەگشتی و دەڤەری گەرمیان بە تایبەتی، کەوتنەخۆ بۆ گەڕانەوەيان بۆ زێدی باوباپیران و زۆربەی گوندە خاپوورکراوەکانيان کە لە شاڵاوی بەدناوی ئەنفالدا لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە گەڵ زەوی تەخت کرابوو، ئاوەدان کردەوە، ئەم دیاردەیەش زیاتر لە پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس و پاش ساڵی 2003 بە شێوەیەکی بەرچاو

هەمیشـە لە زیادبونـدا بـووە. دیـارە ئەو گونـدانەش بە پێـی ژمـارەی دانیشـتوان و دووریـان لە سـەنتەری شـار و دەستنەگەیشـتنیان بە خزمەتگوزارییەکـان، پێویسـتیان بە زۆرێـک لە خزمەتگـوزارییە سـەرەتاییەکان هەبـووە، کە حکـومەتی هەرێـم وەکـو ئەرکێکـی سەرشـانی پێـی هەڵسـاوە. نـاحیەی سـەرقەڵاش وەکـو سـەنتەرێکی بەڕێـوەبردن، (25) گونـد لە خـۆ دەگرێـت کە کـۆی ژمـارەی دانیشـتوانیان دەگاتە (7130) کەس (فۆرمی خۆراک 2016)، دیـارە کەرتـی تەندروسـتیش یەکـێکە لە خزمەتگـوزارییە سـەرەکییەکان لە پلانـی حکومەتدا، دەبێ بۆ هاوڵاتیـان دابین بکرێت بە پێی پێوەری تەندروسـتی و ژمـارەی دانیشـتوان، بۆ ئەم مەبەسـتەش هەڵبژاردنـی شـوێنێکی گونجـاو لەنێـوان ئەو گونـدانەدا، مەبەسـتی سـەرەکی ئەم تـوێژینەوەی بەردەستتانە کە ئێمەش وەکو پسـپۆڕێک لەم لایەنە، بە باشمان زانی بە مۆدێلی (AHP ) ئەو کارە ئەنجام بدەین.

## میتۆدی لێکۆڵینەوە

بۆ گەیشتن بە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، سەرەڕای پشت بەستن بە کۆمەڵێـک سـەرچاوەی کتێبخـانەیی و نەخشـە و داتـای بەڕیوەبەرایەتیی شارەوانی، میتۆدی (ئادگاری – وصفی) لەناسـاندن و باسکردنی نـاوچەی لێکـۆڵینەوە و میتـۆدی شیکاریی چەنـدێتی، بـۆ شیکردنەوەی داتاکان و پەیوەندیی نێوانیان، میتۆدی مۆدێلی (AHP ) واتـا (کـرداری شـیکردنەوەی پلەبەنـدی) تیـادا بە کـارهێنراوە، کە دواتر لەگەڵ هەنگاوەکانی کارکردن لەو مـودێلە ڕونکردنەوەی زیـاتر دەدەین.

## ئامانجی لێکۆڵینەوە:

ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە دەستنیشانکردنی شوێنێکە بۆ بنکەی تەندروستی لەنێوان هەموو گوندەکانی ناحیەی سەرقەڵا، کە بریتییە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکەمان، وەکو خزمەتگوزارییەکی سەرەکی، کە پێویستی بە دابینکردنە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها بەکارهێنانی مۆدێلێکی تەکنیکی وەکو (AHP) و وەک ئێمە بزانین ئەم مۆدێلە بۆ یەکەمین جارە لە وڵاتی خۆماندا کاری پێدەکرێت، هەروەها بزانین تا چ ئاستێک دەتوانێت خزمەت بە توێژینەوەکەمان بگەیەنێت. هەروەها هاوسەنگی دادپەروەرییەک بۆ دابینکردن و دەستگەیشتنی هەموو دانیشتوانی ناوچەکە بەشێوەیەکی یەکسان بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان.

## کێشەی لێکۆڵینەوەکە

گرفتی گوندنشینەکانی ناوچەی لیکۆڵینەوەکە دابەشبوونی نارێکیی نشینگە لادێییەکان و بێبەرنامەییە لە خزمەتگوزارییکاندا بە گشتی و خزمەتگوزاری کەرتی تەندروستی بە تایبەتی، سەرەڕای نەبوونی پلان و پێوەر بۆ ئەم کەرتە خزمەتگوزارییە گرنگە، هاوسەنگی و گونجانێک بە دی ناکرێت لە ڕووی ژمارەی دانیشتوان و دوورونزیکی و دەستگەیشتنیان بە بنکە تەندروستییەکان.

## گرنگیی بابەتەکە

گرنگیی ئەم بابەتەش بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگەڕێتەوە، هەروەها نەبوونی توێژینەوەی زانستی هاوشێوە، بەسوود دەبێت بۆ ئەوانەی کە:

1-لەبـواری کەرتـی تەندروسـتی کـاردەکەن لە شـاری کفـری و شارەکانی تری هاوشێوەی

2-وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی تەندروستی


3-یارمەتیدەر دەبێت وەکو سـەرەداوێک بۆ توێژینەوەکـانی تـر لەبارەی ئەم بابەتە و هاوشێوە

4-کـــارکردن لە ســــەر مــــودێلی AHP و ســــودوەرگرتن لە تەکنیکەکانی هەڵبژاردنی شوێنی گونجاو.

**ناوچەی لێکۆڵینەوە**

نـاوچەی لێکۆڵینەوەکەمـان بـریتییە لە گونـدەکانی شـارۆچکەی ســـەرقەڵا، کە ســـەنتەری نـــاحیەیە و نـــزیکەی (12) کیلـــۆمەتر لە شــــارۆچکەی کفـــرییەوە دوورە کە ســــەنتەری قەزایە و نــــاحیەی سەرقەڵا سـەر بەو قەزایەیە. قەزای کفری بەگشتی لە کـاتی ئێسـتادا ســـەر بە (ئیـــدارەی گەرمیان)ـــە کە ســـەنتەری ئەو ئیـــدارەیەش شـــارۆچکەی ( کەلار)ە لەجیـاتی سـەنتەری پارێزگـا، قەزای کفـری بەهەرچوار ناحیەکەشیەوە تـاکو حەفاکـانی سـەدەی ڕابـردوو سـەربە پارێزگای کەرکوک بووە، پاش بە عەرەب کردنی پارێزگای کەرکوک لەلایەن رژێمی بەعسەوە، قەزای کفری کەوتە سەر پاریزگای دیالە و تـــاکو ســـاڵی 1991 و ئێســـتاش بەڕوکەش لەلایەن حکـــومەتی مەرکەزیـیەوە هەر سـەر بەو پارێزگـایەیە، بەڵام لەلایەن حکـومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە دوای راپەڕین لە پاریزگای دیالە دابڕا و ئێسـتاش هە ر وەکـو باسـکرا سـەر بە ئیدارەی گەرمیـان ( کەلار)ە، هەر وەکو لە نەخشەی ژمارە (1) دا دەبینرێت.

**نەخشەی ژمارە (1) شوێنی ناحیەی سەرقەڵا لەسەر نەخشەی عێراق و پارێزگای دیالە و ناوچەی گەرمیان**



سەرچاوە: کاری توێژەی پشت بەست بە نەخشەی عێراق
http://iraqena.com/iraqm

**گریمانەکانی لێکۆڵینەوەکە**

1- خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە ڕووی زۆری ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی خانەوادە و ژمارەی گوندەکانەوە، لەئاست پێویستدا نین.

2- دابەشبوونی جوگرافیای خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان شێوەیەکی نایەکسانی لەخۆگرتووە، لەنێوان گوندەکاندا.

**باسی یەکەم**

ئەگەرچی خزمەتگوزاری تەندروستی مێژوویەکی دووردرێژی هەیە بەڵام بۆ هەڵبژاردنی شوێنی ئەم جۆرە خزمەتگوزارییانە و بەکارهێنانی مۆدێل و تەکنیککاری بۆ ئەم مەبەستە دەگەڕێتەوە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، بۆ یەکەمین جار لەلایەن ( تۆماس ساڵی) لە ساعی 1970 داهێنرا، یەکەمین کاریش لەلایەن (لسلی میهۆ- Lsly miho )وە بوو کە لە ساڵی 1979دا لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجام دا و دواتریش لێکۆڵینەوەکان بەردەوام بوون تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان (Azizi,2004:6 ). لە وڵاتانی تر کاری لەم جۆرە ئەنجام دراوە، بەتایبەتیش لە کۆماری ئیسلامیی ئێران و بە ئەنجامی باشیش گەیشتوون . بۆ نمونە (ابراهیم زادە) لەساڵی 2010 کارێکی بە ناونیشانی (پلاندانان بۆ شوێنی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان لەشاری زەنجان) ئەنجامداوە ( ابراهیم زادە، 2010)، هەروەها (شریف زادگان) و هاوکارەکانی هەمان کاریان بۆ شاری ئەسفەهان کردووە (شریف زادگان، 2011). (وحید نیا) و

هاوکارەکانی لە ساڵی 2011 دیسان بەم مۆدێلە کاریان لەسەر نەخۆشخانەکانی شاری تاران ئەنجام داوە (Vahid nia, 2011).

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین بە بەکارهێنانی مۆدێلی AHP باشترین شوێن لە ناو گوندەکانی ناوچەی توێژینەوە دەستنیشان بکەین، بۆ ئەنجامدانی ئەم مۆدێلە چەند فاکتەرێک هەیە دەبێ بکرێت بە پێوەر ئەوانەش بریتین لە:-

1-ژمارەی دانیشتوان Population

2-گەیشتن بە سەنتەری شار (سەنتەری ناحیە) Access

3-بەسەنتەر بوون (مرکزیەت)

4-کوالێتیی ڕێگاوبان و چۆنیەتیی گەیشتن بە گوندەکان. (Witlox, 2009: 13)

لەم توێژینەوەیەدا تەنها چوار فاکتەری گرنگ ئاماژەیان پیکراوە هەروەکو لە سەرەوەدا دەیانبینن، ئێمەش لێرەدا وەکو پێوەر بەکاریان دەهێنین. لەگەڵ ئەمانەشدا چەند فاکتەرێک هەیە وەکو ستانداردی جیهانی و پێویستە وەکو مەرج پەیڕەوبکرێن، بەڵام ئەمە زیاتر لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کاری پێدەکرێت. ئومێدەوارین وەزارەتی پلاندانان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی لای خۆشمان بۆ دروستکردنی دامودەزگا تەندروستییەکان کاری پێبکەن، فاکتەرەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:-

**خشتەی ژمارە (1) چوارچێوەی خزمەتگوزاریی یەکەی تەندروستی بە پێی ستانداردی نێودەوڵەتی**

| فاکتەر | ئستاندارد |
|---|---|
| دانیشتوان | دانیشتوانی 10000 خێزان نەخۆشخانەیەکی 300 تەختی بۆ مانەوەی نەخۆش |
| دەست پێگەیشتن | دووریی خانەوادەکان لە یەکەی تەندروستی لەنێوان 1 تا 1.5 کم |
| ئەندازەی زەمینی پێویست بۆ ڕووبەری نەخۆشخانە | بۆ هەر یەک تەختی نەخۆشخانە 50 مەتر چوارگۆشە و بۆ هەر 1000کەسێک لە دانیشتوان 370 مەتر چوارگۆشە |
| هاتوچوون | پێویستە لە سەر شەقامە سەرەکییەکان بێت |
| دیزاین(Design) | دوورترین گەڕەک تا 2 کیلۆمیتر بێت<br>بۆ شوێنە پیشەسازی و چڕەکانی وەکو بازاڕ و ... تەنها 1 کم و دەبێت لە شوێنێکی تەخت ( ڕاست)دا دابمەزرێت و دوور بێت لە ژاوەژاو و قەرەباڵەغی |
| جێگا یان دەوروبەرەکەی (Adaptation) | دەبێ هاوسێیەتی هەبێت لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانی دیکەی وەکو پارک و شوێنە سەوزەکان و بنکەی ئاگرکوژێنەوە و بنکەکانی ئاسایش و پۆلیس. |

کاری توێژەر بە پشت بەستن بە (Nikurai, 2007:41)

## چەمک و زاراوەکان

**شوێن:** شوێن بابەتێکی هەرە سەرەکی و گرنگە بۆ دامەزراندنی هەر خزمەتگوزارییەک و بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان، کە تا چ ڕادەیەک سود بە دانیشتوانی دەوروبەری دەبەخشێ و سودی لێ وەردەگیرێت، هەر بۆیەش زانایان بە چەندین شێواز و بەکارهێنانی کاری تەکنیکی و بەرنامەی ئەلیکترۆنی و مۆدیلی ئاماری، هەوڵی ئەوە دەدەن باشترین شوێن بۆ هەر خزمەتگوزارییەک بدۆزنەزە، بۆیە ئیمەش لێرەدا بەکارهێنانی مۆدێلی (AHP) مان بە پێویست زانی. شوێن فاکتەرێکی زۆر گرنگە لە ڕووی سەرکەوتن یان شکست هێنانی هەر پرۆژەیەک، نەخۆشخانە یان بنکەیەکی تەندروستی دەبێت لە جێگایەکدا دابمەزرێت کە بە ئاسانی هەموو دەوروبەرکەی پێی بگەن، زۆر لە جوگرافیزانەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە بە ئاسانی گەیشتن و سوود لێ وەرگرتنی خزمەتگوزارییەکان، دەبێتە بنەمای ئەندازەگرتنی باشترین جۆرەکانی ژیانی سەرکەوتوو (Gregory,2009: 25).

**خزمەتگوزاری:** بریتییە لە دابینکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگ لە باشترکردنی ژیانی تاکەکەس و کۆمەڵگا دەبینێت، ئەم جۆرە خزمەتگوزاریانەش لەلایەن کەسانێک یان حکومەت بە ڕێوەدەبرێت (زین العابدين: 2015، 422).

**خزمەتگوزاریی تەندروستی:** بریتییە لە هەموو ئەو دامودەزگایانەی کەوا بەرپرسن لە چاککردن و بە دواداچوونی بارودۆخی تەندروستیی هاوڵاتیان بە هەموو شێوازەکانیەوە

(فریـاکەوتنی سـەرەتایی، بـنکەی چـاودێریی دایکـان و منـاڵان، یەکە تەندروسـتییەکان، بـنکەی تەندروسـتی، نەخۆشـخانە گشـتی و تایبەتییەکـان، نەخۆشـخانە پسـپۆڕییەکان، دەرمانخـانە و تـاقیگە و نۆڕینگە پزیشکییەکان، ...) و پێوانەی پێشکەوتن و دواکەوتنی هەر وڵاتێـک بەنـدە بە ژمـارەی ئەو دامودەزگایـانە و ژمـارەی کارمەنـدەکانیانەوە (عـلام: 1998، 375). هەرچەنـدە لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا ئەم خزمەتگوزارییە وەکو پێداویستییەکی سەرەتایی لە ناو ماڵدا و سەردانی پزشکی تایبەتی دەچێتە ناو ماڵ و خانەوادەکـانەوە، بەڵام وڵاتـانی گەشـندە لە بـنکە و یەکە تەندروستییەکان سـود وەردەگـرن، ئەوەش دەبێـت پلانـی وای بـۆ دابنرێت کە هەموو هاوڵاتیان بە سانایی پێیبگەن.

**چەمکی گوند:** بـریتییە لەو شـوێنەی کەوا شارسـتان نییە، بەم پێیەش تەنهـا سـەنتەری لادێ و ڕووبەرە وەبەرهێنە ئابوورییەکـانی وەکـو زەویە کشـتوکاڵییەکان دەگـرێتەوە، کە بـۆ بەروبـوومی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری تەرخـان کـراوە و زەویە ناکشـتوکاڵییەکانی وەکـو دارسـتانەکان و ڕووبەرە ئاوییەکـان لە خـۆ دەگرێـت (فیصـل قمـاش: 2014، 21). و جوگرافینـاس محمـد حجـازی وا پێناسـەی دەکات کە هەرێمی گوندنشین تەنها خەریکن بە پیشەی بەرهەمهێنانی خۆراکی ساکار و سەرەتایی( حجازی: 1982، 157 ) و دەڵێن گوند بریتیە لە کۆمەڵگایەکی نیشتەجێی بەرهەمهێن و تاڕادەیەک بچوک و پیشـەی بەڕێوەبردن لە خۆناگرێت و هەمیشـە لە شـار بچوکترە لە ڕووی قەبارە و ژمارەی دانیشتوانەوە. هەندێ جار گوند شێوازی شارنشـینی لەخۆدەگرێـت، هەربـۆیەش دەتـوانین دوو جـۆر گونـد لێکجیـابکەینەوە، لەوانەش (گونـدی لادێـی و گونـدی شارسـتانی) کە

یەکەمیان زیاتر پشت بە پیشەی کشتوکاڵی دەبەستێت و دووەمیان ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوانیان پیشەی تریان بە دەستەوەیە نەک کشتوکاڵکردن (الهیتی: 2016، 23).

**AHP:** (کرداری شیکردنەوەی پلەبەندی) کە بە مانای کورتکراوەی (AHP) یان (Analytic Hierarchy Process) دێت، بریتیە لە ڕێباز (Method) ێکی سادە و بەهێز بۆ دەستنیشانکردن لەسەر باشترین هەڵبژاردە لەنێوان چەند هەڵبژاردەیەک، ئەم ڕێبازە هەڵسەنگاندنێکە لەسەر بنەمای چەند پێوەرێک، کە هەمان ئەو پێوەرانە ئاستی گرنگی و بەهێزیی نێوان هەڵبژاردەکان دەستنیشان دەکەن (زبردست: 2006، 13). ئەم ڕێبازەش سەرەتا لەلایەن (تۆماس الساعاتی ) لە ساڵی 1970 بەکارهێنرا و جێگای خۆی کردەوە لەنێوان مۆدێلە ئامارییەکاندا (قدسی پور: 2000، 48).

**باسی دووەم**

**ناوچەی لێکۆڵینەوە**

ناوچەی لێکۆڵینەوەمان کە ناحیەی سەرقەڵایە جگە لە سەنتەری ناحیەکە بریتییە لە 25 گوند، بە دووری جیاواز و ژمارەی دانیشتوانی جیاوازەوە جگە لە هەردوو گوندی (بەلەگەی خواروو و باشە)، کەوا لەکاتی ئێستادا دانیشتوانی تیادا نیین، لەبەرئەوە بە پێویست نەزانرا ناویان تۆمار بکرێت، بۆیە تەنها ناوی 23 گوند تۆمارکرا، هەروەکو لە خشتەی ژمارە (2) دەبنین.


**خشتەی ژمارە (2) تایبەت بە ناو و ژمارەی دانیشتوان و دووری گوندەکان لە سەنتەری ناحیەوە**

| ژ | گوند | ژمارەی دانیشتوان | دووری لە ناوەندی سەرقەڵا/ بە کم |
|---|---|---|---|
| 1 | بەلگەی گەورە | 62 | 15.4 |
| 2 | درۆزنەی گەورە | 46 | 7.9 |
| 3 | درۆزنەی بچووک | 19 | 8.2 |
| 4 | کانی ماران | 144 | 8.5 |
| 5 | وەلی هەیەر | 637 | 2 |
| 6 | کاریزەی حەمەی کەیفە | 269 | 13.5 |
| 7 | کەوا چەرمووک | 227 | 12 |
| 8 | عبدالله قووت | 390 | 9.9 |
| 9 | گوبان | 66 | 7.8 |
| 10 | ناصالح | 180 | 7.7 |
| 11 | دیبنە | 18 | 18 |
| 12 | سەیدە | 586 | 13.4 |
| 13 | حەسیرە | 210 | 7.8 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 14 | سەید جزنی | 199 | 2.3 |
| 15 | فتاح عمر | 67 | 4.3 |
| 16 | بکرە شەل | 172 | 4.4 |
| 17 | ئومربل | 435 | 8.12 |
| 18 | حاجی عواد | 75 | 7.8 |
| 19 | ابراهیم خان | 41 | 3.5 |
| 20 | کاکولی | 4 | 10.3 |
| 21 | چوار شاخ | 42 | 12.1 |
| 22 | میل قاسم | 104 | 8.7 |
| 23 | شاکەل | 49 | 16 |
| کۆی گشتی | | 4024 | |

تێبینی:- ئاماری دانیشتوان بەپێی فۆڕمی خۆراکی 2016

### نەخشەی ژمارە (2) نەخشەی بەڕێوەبردنی ناحیەی سەرقەڵا





لەم تـویێژینەوەیەدا ئەو گونـدانەی کەوا ژمـارەی دانیشـتوانیان لە 400 کەس کەمترە پشتگوێ خراون و هەژمارنەکراون بۆیە تەنها 3 گوندمان خسـتۆتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، جگە لە سـەنتەری نـاحیە، ئەمەش لە بەر ئەوەی ژمـارەی دانیشـتوان بەفـاکتەرێکی هەرە گرنگ دادەنرێت لەم جۆرە توێژینەوانەدا.

ئەو گونــدانەش بــریتین لە ( وەلــی هەیەر، ســەیدە، ئۆمەربــل ) هەروەکو لە خشتەی ژمارە(2)دا دەبینرێت.

## خشتەی ژمارە (3) تایبەت بە ناو و ژمارەی دانیشتوان و دووری گوندە دەستنیشانکراوەکان لە سەنتەری ناحیەوە

| ژ | گوند | ژمارەی دانیشتوان | دووری لە ناوەندی سەرقەڵا/کم |
|---|---|---|---|
| 1 | وەلی هەیەر | 637 | 2 |
| 2 | سەیدە | 586 | 13.4 |
| 3 | ئومربل | 435 | 8.12 |
| کۆی گشتی | | 1658 | |

## هەیکەلیەی سیستەمی شیکردنەوەی پلە بەندی AHP



سەرەتا پێویستە ئاستی بە سەنتەر بوونی هەرسێ گوندی ناوبراو بە دەستبهێنین کە بە کرداری کۆی دووریان لە هەموو گوندەکانی ترەوە، بە دەست دێت، هەروەکو لە خشتەی ژمارە (3)دا دیارە.

**خشتەی ژمارە (4) تایبەتە بە ئاستی بە سەنتەربوونی هەرسێ گوندی دیاریکراو (وەلی هەیەر، سەیدە و ئۆمەربل) دوورییەکان بە کیلۆمەترە**

| ز | گوند | وەلی هەیەر | سەیدە | ئۆمەربل |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەڵگەی گەورە | 17 | 28.4 | 7.4 |
| ٢ | درۆزنەی گەورە | 8 | 17.2 | 9.8 |
| ٣ | درۆزنەی بچووک | 7.4 | 15.6 | 11 |
| ٤ | کانی ماران | 9.8 | 18.5 | 8.8 |
| ٥ | وەلی هەیەر | 0 | 11.8 | 10 |
| ٦ | کاریزەی حەمەی کەیفە | 12.6 | 4 | 21.4 |
| ٧ | کەوا چەرمووک | 10.4 | 5.6 | 19.7 |
| ٨ | عبد الله قووت | 12 | 4 | 17.8 |
| ٩ | گوبان | 9.6 | 20.2 | 5.2 |
| ١٠ | ناصالح | 11 | 16 | 10.8 |
| ١١ | دیبنە | 16 | 5.6 | 25.6 |
| ١٢ | سەیدە | 12.8 | 0 | 21 |
| ١٣ | حەسیرە | 6 | 8.4 | 15.4 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٤ | سەيد جزنى | 4.4 | 15.6 | 6 |
| ١٥ | فتاح عمر | 5.4 | 17 | 5.2 |
| ١٦ | بكره شەل | 6 | 17.6 | 4 |
| ١٧ | ئومربل | 9.6 | 21.4 | 0 |
| ١٨ | حاجى عواد | 6 | 6 | 15.8 |
| ١٩ | ابراهيم خان | 6 | 16 | 7 |
| ٢٠ | كاكولى | 10.8 | 12.6 | 16 |
| ٢١ | چوار شاخ | 13 | 24 | 5.6 |
| ٢٢ | ميل قاسم | 9.1 | 6.8 | 16.5 |
| ٢٣ | شاكەل | 14.2 | 2.8 | 23.8 |
| | كۆ /بە سەنتەربوون (مركزيت) | 217.2 | ٢٩٥,١ | ٢٨٣,٨ |

كارى تويژەر پشتبەست بە بەڕێوەبەرايەتيى كارگێڕيى گەرميان – ناحيەى سەرقەڵا- يەكەى ئامار

## خشتەی ژمارە (5)دانانی کێش (وزن) ی بەهاکان

| بەهای سەنگی بە نووسین | | بڕی ژمارەیی |
|---|---|---|
| لە هەموویـان بە بەهـاتر و گرنگتر | Extremely Preferred | 9 |
| گرنگترین و بەبەهاترین | Very strongly preferred | 7 |
| زۆر گرنگ و بەبەهاتر | strongly preferred | 5 |
| گرنگ و بەبەها | Preferred Moderately | 3 |
| گرنگ و بەهای یەکسان | Equally preferred | 1 |
| بەهـــــای نێـــوان بەهـــــا سەرەکییەکان | | 2،4،6،8 |

کاری توێژەر پشتبەست بە ستانداردی مودێلی AHP

## خشتەی ژمارە (6) دانی کێشی ڕێژەیی بە هەرسێ گوندی هەڵبژێردراو بەرانبەر بەیەکتر لە ڕووی کواڵێتیی ڕێگاوبان

| کواڵێتیی ڕێگاوبان | وەلی هەیەر | سەیدە | ئۆمەربل |
|---|---|---|---|
| وەلی هەیەر | 1 | 2 | 8 |
| سەیدە | 0.5 | 1 | 6 |
| ئۆمەربل | 0.125 | 0.166 | 1 |
| کۆی ستونەکان | 1.625 | 3.166 | 15 |

**خشتەی ژمارە (7) دەرکردنی ناوەندی ڕێژەیی هەر ریزێکی ئاسۆیی و دابەشی هەر یەک لەو یەکانە بەسەر کۆی هەمان ستونی خۆی**

| کوالێتیی ڕێگاوبان | وەلی هەیەر | سەیدە | ئۆمەربل | ناوەندی ڕێژەیی |
|---|---|---|---|---|
| وەلی هەیەر | 0.615 | 0.631 | 0.533 | 0.593 |
| سەیدە | 0.308 | 0.316 | 0.400 | 0.341 |
| ئۆمەربل | 0.077 | 0.053 | 0.067 | 0.066 |
| کۆی ستون | 1 | 1 | 1 | 1 |

**خشتەی ژمارە (8) دانی کێشی ڕێژەیی بە هەرسێ گوندی هەڵبژێردراو بەرانبەر بەیەک لە ڕووی ژمارەی دانیشتوان**

| ژمارەی دانیشتوان | وەلی هەیەر | سەیدە | ئۆمەربل |
|---|---|---|---|
| وەلی هەیەر | 1 | 0.333 | 0.250 |
| سەیدە | 3 | 1 | 0.500 |
| ئۆمەربل | 4 | 2 | 1 |

**خشتەی ژمارە (9) دانی کێشی ڕێژەیی بە هەرسێ گوندی هەڵبژێردراو بەرانبەر بە یەکتر لە ڕووی بەسەنتەربوونەوە**

| بەسەنتەربوون | وەلی هەیەر | سەیدە | ئۆمەربل |
|---|---|---|---|
| وەلی هەیەر | 1 | 0.250 | 0.166 |
| سەیدە | 4 | 1 | 0.333 |
| ئۆمەربل | 1 | 3 | 6 |

**خشتەی ژمارە (10) دانی کێشی ڕێژەیی بە هەرسێ گوندی هەڵبژێردراو بەرانبەر بە یەکتر لە ڕووی دووری لە سەنتەری شارەوە**

| دووری لە سەنتەر ی شار | وەلی هەیەر | سەیدە | ئۆمەربل |
|---|---|---|---|
| وەلی هەیەر | 1 | 4 | 4 |
| سەیدە | 7 | 1 | 3 |
| ئۆمەربل | 1 | 0.142 | 0.250 |

**خشتەی ژمارە (11) کێش (وزن)ی گوندەکان بەرانبەر بە پێوەرەکانی ژمارەی دانیشتوان و بەسەنتەربوون و دووری لە سەنتەری شارەوە**

| | ژمارەی دانیشتوان | بە سەنتەر بوون | دووری لە سەنتەری شار |
|---|---|---|---|
| وەلی هەیەر | 0.123 | 0.087 | 0.265 |
| سەیدە | 0.320 | 0.274 | 0.655 |
| ئۆمەربل | 0.557 | 0.639 | 0.080 |

**خشتەی ژمارە (12) پێدانی کێش (وزن) بە پێوەرەکان بەرانبەر بە یەکتر**

| | چۆنێتیی ڕێگاوبان | ژمارەی دانیشتوان | بەسەنتەر بوون | دووری لە سەنتەر |
|---|---|---|---|---|
| چۆنیەتی ڕێگاوبان | 1 | 3 | 2 | 2 |
| ژمارەی دانیشتوان | 0.33٣ | 1 | 0.250 | 0.25٠ |
| بە سەنتەر بوون | 0.500 | 4 | 1 | 0.500 |
| دووری لە سەنتەر | 0.500 | 4 | 2 | 1 |

**خشتەی ژمارە (13) کێشی هەریەک لە پێوەرەکان**

| | |
|---|---|
| چۆنێتیی ڕێگاوبان | 0.398 |
| ژمارەی دانیشتوان | 0.085 |
| بەسەنتەربوون | 0.218 |
| دووری لە سەنتەر | 0.299 |

**خشتەی ژمارە (14) کیشی گوندەکان بە گوێرەی پێوەرەکان**

| | چۆنێتیی ڕێگاوبان | ژمارەی دانیشتوان | بەسەنتەربوون | دووری لە سەنتەر |
|---|---|---|---|---|
| ولی هەیر | 0.123 | 0.087 | 0.593 | 0.265 |
| سەیدە | 0.320 | 0.274 | 0.341 | 0.655 |
| اومربل | 0.557 | 0.6٣9 | 66..0 | 0.080 |

هەژمارکردنی کێشی کۆتایی گوندەکان:

کێشی کۆتایی گوندی وەلی هەیەر:

0.398

=0.265*0.299+0.593*0.218+0.087*0.085+0.123*

0.265

کێشی کۆتایی گوندی سەیدە:

$$0.398 * 0.320 + 0.085 * 0.274 + 0.218 * 0.341 + 0.299 * 0.421 = 0.655$$

کێشی کۆتایی گوندی ئۆمەربل:

$$0.398 * 0.557 + 0.085 * 0.639 + 0.218 * 0.066 + 0.299 * 0.314 = 0.080$$


**باسی سێیەم**

پلەبەندی گوندەکان بە پێی مۆدیلی (AHP) لە کەمترین نمرەوە بۆ زۆرترین نمرە دەبێت، بەم پێیەش خشتەی پلەبەندییەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

**خشتەی ژمارە (15) پلەبەندیی کۆتایی گوندەکان بەپێی کێشی بەدەست هاتوویان**

| پلەبەندی | ناوی گوندەکان | کێش (وزن) |
|---|---|---|
| 1 | ئۆمەربل | 0.265 |
| 2 | سەیدە | 0.314 |
| 3 | وەلی هەیەر | 0.421 |

کەواتە گونـدی (ئۆمەربـل) کە بە ڕەنگـی شـین دەبینرێـت، پـلەی یەکەمی بە دەستهێنا بۆ دروستکردنی بنکەی تەندروستی تیایدا:



## ئەنجام

پاش کۆتایی هاتن بە توێژینەوەکەمان گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:-

- گوندەکانی ناوچەی توێژینەوە تاڕادەیەک پەرتەوازەن و لە شوێنی خۆیان دروست نەکراون و ماڵەکان لە یەکترەوە دوورن.

- پلانی حکومەت بۆ شوێنی دانانی بنکەی تەندروستی نادروستە، چونکە پێچەوانەی ئەنجامی توێژنەوەکەی ئێمەیە و بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان کار نەکراوە.

- مۆدێلی AHP بۆ هەڵبژاردنی باشترین هەڵبژێردراوەکان بەڕاستی مەبەست بە دەستەوە دەدا و دەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت و کارپێکردنیشی سانایە و سەرکەوتووە.

- لە نێو پێوەرەکاندا ژمارەی دانیشتوان و کوالێتیی ڕێگاوبان زیاتر ڕۆڵیان هەبووە بۆ بەدەسهێنانی ئامانجەکەمان لەچاو پێوەرەکانی تردا.

- لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکەماندا زۆرێک لە گوندەکان تەنها بە فۆرمی خۆراک نیشتەجێن و لە ڕاستیدا زۆریان هێشتا لە شاردان و نەگەڕانەتەوە گوندەکان.

## ڕاسپاردە

لەم توێژینەوەیەدا بۆمان دەرکەوت کە لە هەڵبژاردنی شوێنی سەنتەردا بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستی هیچ کارێکی زانستی ئەنجام نەدراوە، بۆیە پێویستە:-

- چەند کۆبوونەوە و مێزگردێک (Meeting) لەنێوان خەڵکی گوندەکان، بەتایبەتی ئەنجومەنی گوند و کاربەدەستان و پسپۆڕانی

وەزارەتی تەندروستی و سەرچاوە سروشتیەکان و کاربەدەستانی وەزارەتی کشتوکاڵ و بەڕیوەبەڕایەتیی ناحیە ئەنجام بدرێت و پێشنیار و بۆچوونەکانیان تۆماربکرێت.

- ئەنجامی بۆچوون و پێشنیارەکانی خاڵی یەکەم وەکو پێوەر لە مۆدێلی AHP دا بە کار بهێنرێت.

- فاکتەری مێژویی و رابردووی بواری کۆمەڵایەنی بۆ گوندە دەستنیشانکراوەکان بۆ هەڵبژاردن خوێندنەوەیەکی تەواوی بۆ بکرێت پێش ئەوەی لەمۆدێلی AHP دا کاریان پێبکرێت.

## سەرچاوەکان


- احمد خالد علام، تخطيط المدن، دار وهان للطباعة والنشر، مطبعة الانجلو المصرية، القاهرة، 1998.

- اسفنديار زبردست، كاربرد (فرايند تحليل سلسله مراتبی )، دانشگاه تهران، شماره 10، زمستان 2006.

- اسماعيل صالحی و ديگران، پهنەبتدی خطرسيلاب شهری با استفاده از GIS و فرايند تحليل سلسله مراتبی فازی، (مطاعه موردی: تهران )، محيط شناسی، شماره 3، پايز 2013.

- بەڕێوەبەرايەتی ئيدارەی گەرميان، قائمقاميەتی قەزای كفری، بەريوەرايەتی ناحيەی سەرقەڵا، يەكەی ئامار، فۆرمی خۆراک 2016.

- حسن قدسی پور، فرايند تحليل سلسله مراتبی ( AHP)، دانشگاه صنعتی امير كبير، 2016.

- زين العابدين علي صفر، جغرافية المدن، دار الوضاح للنشر، المملكة الاردنية الهاشمسة – عمان، 2015.

- صبري فارس الهيتي، تخطيط المدن والقرى، الوراق للنشر والتوزيع، الاردن، 2016.
- غلامرضا حساميان، جدول توافقى براساس ردههاى نادقيق، ارائه شده در دهمين كنفرانس سيستم هاى فازى ايران، دانشگاه شهيد بهشتى، 2010.
- فيصل قماش وآخرون، الجغرافية الريفية والتخطيط الريفي، منشورات جامعة دمشق، دمشق، 2014.
- محمد حجازي، جغرافية الارياف، دار الفكر العربي، مصر، 1982.

- Azizi M. Application of Geographic Information System GIS in location, spatial distribution and network analysis in health services case study: city of

- Ebrahim-Zadeh E, Ahad-Nejad M, Ebrahim-Zadeh H, Shafiee Y. Planning and organization of space – a place of health services using GIS. Journal of Geographical Research. 2010; 73: P. 58-39. [Article in Persian

- Gregory D.The Dictionary of Human Geography. Chichester: Wiley Blackwell; 2009

- Mahabad. [Thesis]. Tabriz, Iran: University of Tabriz; .2004In Persian

- Nicolai M. Consideration of Urban Waste Management with Emphasis on Medical Wastes in Metropolises. Case Study: Tabriz City. [Thesis]. Marand, Iran: Azad Islamic University of Miranda Center; 2007. [In Persian

- Vahidnia A, Mohammad H, Alesheikh A, Mohammadi A. Hospital site selection using fuzzy AHP and its derivatives. Environmental management 2011; 90(10): .30

- Witlox F, Antrop M, Bongaert P, Demaeyer P,Derudder B,Neutens T, Van Acker V. Introducing functional classification

theory to land use planning by means of decision tables. Decision support system 2009; 46(4): 875-80

**ملخص البحث**

بلا شك ازدياد عدد السكان وتوسع بلا برنامج وخطة محكمة للمدن والارياف، خاصة في بعض العقود الماضية، كان لها تأثيرا ملحوظا على عدم انتظام وعدم التساوي في انقسام الخدمات والاحتياجات الرئيسية للسكان والمجتمع الانساني بشكل عام. البحث الذي بين يدينا لمعالجة واحدة من تلك الخدمات الرئيسية، والتي لها علاقة مباشرة بالحياة والفناء، ألا وهي الخدمات الصحية. منطقة بحثنا تتكون من قرى احدى النواحي في منطقة كرميان، والتي هي الى حد ما بعيدة عن المدن الكبيرة في اقليم كردستان، وايضا هي بعيدة عن مدن جنوب البلاد، لذا وجدنا من الضروري كمختصين اختيار مكان لتلك الخدمات الرئيسية في المنطقة، وعدا عن المنهج ( التحليلي والوصفي ) نستخدم أنموذج احصائي مهم وهو نموذج (AHP )، الذي باتباع مراحله نستطيع اختيار افضل الاختيارات بين عدة اختيارات. للوصول الى الهدف الرئيسي لبحثنا قسمناه الى ثلاث مباحث، عدا المقدمة وملاحق يتحدث المبحث الاول عن المفاهيم والمصطلحات المستخدمة في عنوان البحث، وعرض المقايس وتوضيح العمل الاحصائي. ويتكون المبحث الثاني من تعريف المنطقة البحث وتحليل المضمون والعمل بانموذج (AHP)، وخصصنا المبحث الثالث للاهداف والمستوى العالي وتحديد القرية المختارة، وهناك ايضا النتائج والمقترحات...

**Abstract**

Undoubtedly, the increase of population, unplanned expansion and the lack of robust plan of cities and villages, specifically in recent decades, have adversely effected the regular and equitable cervices and basic needs of the population and human beings generally. This study is to provide solution for one of these preliminary services having direct relation with the lives of population which is health. Area of study has taken villages of one sub-districts of the Garmian aria as a sample which is to some extent is far away from the big cities of Kurdistan Region and also from the cities of southern region. Therefore it was seen necessary, as an expert, to designate only one area for these basic cervices in order to be provided for all the villagers. A part of the descriptive and analytical method, a new statistical method has been used which is (AHP) method. By following its stages, it would be possible to identify the best selection among the alternatives in order for our study to yield the best result. A part of the introduction and conclusion, the study has been divided onto three sections. The first section is dedicated to describe the commonly used principles and terms inside the study together with the display and illustration of standards and statistical works. Second section of the study is to describe the area of the study, analysing its contents and using (AHP) method. The third and last section of the study is to specify the aim, rank and to identify the selected villages together with the results, recommendations and resources of the study.